ص:46-66
المجلة العلمية لجامعة جيـهان – السـليمانية
المجلد (5) – العدد (2)، كانون الأول 2021
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

# کەسێتی کوردی لە پەندی پێشینانDا لە ڕووی کۆمەڵناسیەوە

بەختیار ئیبراهیم فەتاح
بەشی کۆمەڵایەتی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، عێراق
Email: baktyar.fatah@univsul.edu.iq

**پوختە:**

ناونیشانی توێژینەوە ( کەسێتی کوردی لە پەندی پێشیناندا لە ڕووی کۆمەڵناسییەوە)، توێژەر لە ژێر ڕۆشنایی پەندی پێشینانی کوردیدا، مەبەستییەتی کە شیکارێکی کۆمەڵناسانە بۆ کەسێتی کورد بکات، لە دوو توێی پەندەکاندا، چونکە پەندەکان ڕەنگدانەوەی چییەتی و جەوهەری ڕاستەقینەی کەسێتی کوردین. بۆ ئەم مەبەستەش، توێژەر هەستاوە بە دابەشکردنی توێژینەوەکە بەسەر چوار بەشی سەرەکیدا، بەم شێوەوەی خوارەوە.

لە بەشی یەکەمدا، خستنەڕووی لایەنە ڕێکاریەکانی توێژینەوە، بریتین لە کێشەی توێژینەوە و گرنگی توێژینەوە و ئامانجی توێژینەوە و کەرەستەی توێژینەوە و بواری توێژینەوە، لەگەڵ پێناسەی چەمککەکانی کەسایەتی و پەندی پێشینان.
بەشی دووەمی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو، لەگەڵ ناساندنی کەسایەتی لە ڕووی مێژووییەوە، پێکهاتەی کەسێتی کوردی، سیماکانی کەسایەتی.

بەشی سێیەم، تەرخانکراوە بۆ شرۆڤە و ڕەخنە لە پەندنی پێشینان، و خستنەڕووی چەند پەندێك وەك نموونە بۆ جۆرەکانی کەسایەتی.

لە بەشی چوارەم و کۆتاییدا، خستنەڕووی دەرئەنجامی توێژینەوە، لەگەڵ کورتەیەك لە توێژینەوە بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و عەرەبی، لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان.

**کلیلە وشە:** پەندی پێشینان، کەسێتی، کورد، کۆمەڵناسی.

**الملخص:**

عنوان هذا البحث ( الشخصية الكردية فى الاقوال الماثورة من وجهة نظر علم الاجتماع)، يروم الباحث في ضوء الاقوال الماثورة الكردية أن يحلل الشخصية الكردية، لان الاقوال الماثورة تعكس ماهية و المغزى الحقيقي للشخصية الكردية.
يتكون هذا البحث من أربعة أقسام رئيسية، القسم الاول يتضمن تقديم الاطار العام للبحث، حيث أنه يحوى مشكيلة البحث، أهمية البحث، أهداف البحث، أداة البحث، طريقه البحث. و تعريف الشخصية و الاقوال الماثوره.

أما القسم الثانى يتضمن عرضا للبحوث السابقه، و سردا لوجهه النظر التايخية للشخصية، مكونات الشخصية الكردية، سمات الشخصية.

أما القسم الثالث مخصص للتحليل و نقد الاقوال الماثورة، و عرض بعض الاقوال الماثورة كنماذج لانواع الشخصية. أما في القسم الرابع و الاخير، قام الباحث بعرض النتائج التي حصل عليها، مع عرض مختتصر للبحث باللغتين الانگليزية و العربية مع عرض قائمة المصادر المستخدمة فى البحث.

**الكلمات المفتاحية:** الأقوال المأثورة، الشخصية، الكرد، علم الأجتماع.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.2.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**Abstract:**

The title of the paper is (Kurdish character in the context of proverbs from a sociological view point) in which its the author is objective to make a sociological analysis of Kurdish character in light of Kurdish proverbs within two prints, the proverbs are used because they are a reflection of the existence and real essence of the Kurdish personality character. For that reason, the author has divided the paper into four main parts as follows:

The first part, explains the procedural aspects of the research in the following manner; the research is issue, the importance of the research, its objectives, resources and scope of the research and the definition of the character and proverb terms.

The second part consists of illustrating previous similar researches, defining character in a historical point of view, constitutes of Kurdish character and character traits.

The third part is dedicated to the explanation and criticism of proverbs, presenting some proverbs as an example of personality types.

The fourth and final part sums up the research results, conclusion in both English and Arabic languages and the list of references.

**Keyword:** Proverb, Personality, Kurd, Sociology.

## 1- پێشەکی

زۆرن ئەو زانا و ڕۆشەنبیرانەی، کە لەسەر بابەتی کەسێتی دەنوسن و توێژینەوەی لەسەر دەکەن، زۆرینەیان لە یەك گۆشەنیگایەکەوە تێروانیان بۆی هەیە، ئەویش لایەنەکانی هەڵسووکەوت و ڕەفتار و گوفتاری مرۆڤەکانە. ئاشکرایە ئەم خەسڵەتانەش بە گشتی شێوە و فۆرم و دەرەوە و ڕوکەشی کەسایەتییەکانە، دیارە لەم حاڵەتەدا جەوهەر و ناوەڕۆکی کەسەکان بە ئاسانی بە دیارناکەون، تا توێژەران بتوانن پێکهاتەی خود هەڵماڵن، لێرەدا هەر یەکێك لەو توێژەرانە بیرورا و بۆچونەکانییان جیاوازە دەربارەی کەسەکان و لە ڕەهەندی جیاوازەوە تەماشای کەسەکان دەکەن. چونکە چەمککی کەسێتی هەڵگری یەکەیەکی ئاڵۆز و نادیاری هەیە لە سروشتدا و ناکرێت بەش بەش و جیای بکەینەوە لە کاتی شیکاریدا.

دیارە پاڵنەرە ڕەمەکییەکانی کەسێتی زۆر و زەوەندەن، کە دەچنە لایەنی هەست و نەستەوە و بە ئاسانی بڕیار نادرێت لەسەریان، و ئەگەر بێتوو کەسێتی تاك هەڵبوەشێنرێتەوە ئەبێتە هۆی شڵەژان و شێتەڵکردنی خەسڵەتەکانی کەسێتی و لە ڕێلادانیان، کە ئەمەش بەربەست دادەنێ لە ناسینی کەسایەتییەکاندا، کەسێتی بابەتێکە هەر کەسێك بە جۆرو چەشنی جیاواز هەڵگریەتی، لەوەدا خۆی نابینێتەوە کەوا هەندێ کەس هەڵگری کەسێتی بێت و هەندێکی تریش خاوەنی نەبن. بەڵکوو کەسێتی زادەی توانست و هێز و ئامادە باشییەتی لەناو کۆمەڵگادا، لەگەڵ چۆنییەتی پڕکردنەوە و هەڵوێست و کاریگەرە دەروونییەکان لەسەر کەسەکە، دیارە کەسێتی جیاوازە لە نێوان کەسەکاندا، هەتا ئەگەر بێتوو دوانەکی (جمك)یش بن، ئەوا لە حەز و ئارەزوو و ڕەمەکەکاندا جیاوازن.

سروشتی کەسایەتی مرۆڤایەتی بە دەوری سێ تەوەری سەرەکیدا دەخولێتەوە، بەدەر لە تێگەیشتن لەو تەوەرانە بۆ مرۆڤ گرانە لەو سروشتە تێبگات، ئەوانیش کەسایەتی، ئاوەز، منێتییە.( البزاز،٢٠١٢، ل : ٣٣)

### 1-1 کێشەی توێژینەوە

کەسێتی بابەتێکی هەستیار و گرنگی تاکەکانی کۆمەڵگایە، سیستەمێکی پێکهاتە ئاڵۆزە، کەسایەتی لە زۆر ڕووەوە نوێنەری کۆمەڵگەیە، بەڵکو ئەمرۆ زانایانی کۆمەڵناسی لەسەر ئەوە کۆکن کەوا تاك و کۆمەڵ دوو ڕووی یەك ڕاستین، یان وەك ( کولی) دەڵێت: تاك و کۆمەڵ دوو جمکن بەیەکەوە لە دایك دەبن ( وەردی، ١٩٥١، ل٤).


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.2.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

کێشە و ئاریشەی سەرەکی ئەم تێگەیە ئەوەیە لە گۆڕانێکی بەردەوامدایە و جێگیر و سەقامگیر نییە، ئەویش بەهۆی کاریگەری ژینگەی سروشتی و ژینگەی کۆمەڵایەتی و قۆناغەکانی تەمەن و ژیاری کۆمەڵگا، ئەگەر چاوێك بە مێژووی کورد دا بخشێنینەوە بۆمان دەردەکەوێت کەسێتی کورد هەردەم بە چاوێکی نەرێنی و ڕێگر و شەڕەنگێز و عەوداڵی توندوتیژی ئاوەزە و کراوە، هۆکارەکانی ئەم نەهامەتییانە زۆرن، لەوانە نەبوونی شوناسی کوردی، هۆکارە ئیکۆلۆجییەکان، جوگرافیا و کۆلۆنیا لیکردنی وڵاتانی ڕۆژئاوا. ئەم جۆرە کەسایەتییانەش ڕەنگدانەوەی لەسەر هەموو کایە ماریفیەکانی کورد هەیە بە گشتی، لە ژانرا ئەدەبیەکان و بە تایبەتیش لە پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردیدا.

**2-1 گرنگی توێژینەوە**

1- دەرخستنی سیمای کەسێتی کورد لە دەرئەنجامی پرۆسەی گۆڕانی قۆناغە بەردەوامە خێراکانی سەردەم. دەستنیشانکردنی لایەنی ئەرێنی و نەرێنی تاکی کوردی لە دوو توێی پەندی پێشینان.

2- پرسی کەسێتی وەك گرفتێکی کۆمەڵایەتی، کە ڕێگرە لە دەرکەوتنی ناوەڕۆك و چییەتی تاکی کوردی.

3- ئەم توێژینەوەیە لە بابەتێکی هەستیاردا شەنووکەو دەکات، بۆ بەدیارخستنی ڕوخسار و ناوەڕۆکی تاکی کوردی، چونکە هەتا ئێستاش کۆمەڵگای کوردی هەژار و داماوە لە جۆری توێژینەوەی بابەتی سۆسیۆلۆجی و سایکۆلۆجی لە تاکی کوردی لە گشت بوارەکانی ماریفیدا.

4- دیارە پەندی پێشینانی کوردی لە ناوەڕۆکدا هەڵگری بەهای کەسێتی کوردییە، دەکرێت جارێکی تر دەمە زەرد بکرێنەوە و بگونجێنرێت لەگەڵ داکەوتی کۆمەڵگای سەردەمدا.

**3-1 ئامانجی توێژینەوە**

1- توێژەر دەیەوێت و مەبەستییەتی چییەتی و جەوهەری کەسێتی کوردی بە دیار بخات لە دوو توێی پەندی پێشینانی کوردیدا.

2- پەیوەندی ئۆرگانی لە نێوان کەسێتی و پەندی پێشینان‌دا.

**4-1 کەرەستەی توێژینەوە**

پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی دەربڕا و نوسراو نەنوسراو، پێگەیان لەسەر پێکهاتەی کەسێتی کوردیدا.

**5-1 ڕێبازی توێژینەوە**

توێژەر بە باشی زانیوە ڕێبازی پەسنی شیکاری بەکاربهێنێت.

**6-1 بواری کاتی**

١/١/ ٢٠٢١ بۆ ٢٠٢١/٤/١

**7-1 پێناسەی چەمك و زاراوەکان**

**کەسایەتی:**

- بریتییە لە سیستەمێکی پێکهاتە ئاڵۆز، کە بەهۆی کارلێك کردنی هۆکارە بۆماوەکان پێك دێت و لە ئەنجامی هۆکارە بایۆلۆژی و کۆمەڵایەتی و شارستانییەکان دەگۆڕێ و گەشە دەکات و پێش دەکەوێت. یان کۆمەڵێك کارتێکردن کە کەسێك لە بەرامبەر خەڵکی دیکەدا ئەنجامی دەدات و لە ڕەفتاری هزری یان جوولەی دەرەکی دا بەدیار دەکەوێ (جەباری،٤٤،١٩٩٧).
- کۆمەڵێك خەسڵەتە لە تاکێك لە کەسەکانی تر جیا دەکاتەوە، ئێستا زانست سەلماندوویەتی مرۆڤ لە پێکهاتەی کەسایەتییاندا جیاوازن. بە دەگمەن دوو کەس دەبینین پێکهاتەی کەسایەتییان تەواو لە یەك بچێت، کەسایەتی لە دەرئەنجامی کارلێکی

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.2.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (5) – العدد (2)، كانون الأول 2021
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

کۆمەڵێك هۆکارە بریتین لە: هۆکاری بۆ ماوە، ژینگەی کۆمەڵایەتی و ئەو باردۆخەی مرۆڤی تێدا گەشە دەکات ( البزاز،٢٠١٢،ل٣٣).

- بریتییە لە کۆی ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندیە چەسپاو ڕەگدا کوتاوە جێگیربوانەی لە ئەنجامی کارێکی هۆکارە بایولۆژی و پەروەردەییەکاندا لە هەر تاکێکی ناو کۆمەڵگادا دروست بوون و بوون بە ناسنامە و نیشانەی ناسینەوەی ئەو تاکە، بۆیە لە ئەنجامی جیاوازی ژینگە و پێکهاتە بایەلۆژی و هۆکارە کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەکاندا کەسایەتی جیاوازیش لەسەر بنەمای ئەمانە دروست دەبن ( شوانی، ٢٠١٧، ل١٩١).

**پێناسەی ڕێکاری:** بریتییە لە کۆی خەسڵەت و سیما و هەڵسوکەوتوو ڕەفتار و خوو خدەی تاکەکان چ کۆمەڵایەتی و بایولۆژی دەرەکی و ناوەکی بێت.

**پەندی پێشینان**

- بریتیین لە چەند قسەیەکی کورتی کوردی پێکەوە نوسێنراون مەعنایەکی بەرزیان تێدایە. لە زمانێکی زۆر کۆنەوە کەوتونەتە سەر زمانی کوردی، چۆنیەتی ژیان و ڕەوشت و بیروباوەڕ پیشان دەدەن ( سەجادی، ١٩٧١، ل١٢٦).
- پەندی پێشینان بریتییە لە بەرهەمێکی زۆر کۆنی خەڵك. ئەم پەندە هەمیشە لە لای گەلانی سەرەتایی و سادە فەلسەفەی ڕاستەقینە و لە کاری ڕەوشت خوەوە وە، هەموو ڕاستی یەك، هەموو ڕوداوێکی ژیانی ئادەمیزاد، هەموو کردارێك، چاك یان خراپ، هەموو گەیشتنە ئەنجامێك کە میللەت گەیشبێتێ، دەربارەی هەرچی یەك بێت ئەچێتە تەرازووی پەندی پێشینانەوە ( ڕەسوڵ، ١٩٧٩، ل٥٨).
- زادەی سروشتی ئادەمی یە، لەبەرئەوە لەناو هەموو گەلێکا هەیە، وە بە هەموو زمانێك وتراوە، وە زۆریان لە یەك ئەچن. زادەی بیروباوەڕی گەلە، وە دەست کردی کۆمەڵەیە، بێ ئەوەی کە بزانرێ خاوەنەکەی کێ یە ( خاڵ، ٢٠٠٠،ل٧-٨).
- پێناسی ڕێکاری: پەندی پێشینانی کوردی، زادەی بیرو هزی کوردیە، لە چەند وشەیەکە لە شێوەی ڕستەیەك یان زیاتر پێکدێت. ماناو ئاماژەی تایبەتی تێدایە، کە زۆر جار مەبەستی شاراوەی بە شێوەی مەجازی ( میتافۆر) تێدایە. هەرچەندە پەند خاوەنێکی دیار و ناسراوی نییە.

**2- لایەنی تیۆری و توێژینەوکانی پێشوو**

**1-2 توێژینەوەکانی پێشوو**

1- توێژینەوەی (هێمن عەبدولحەمید شەمس) ، (٢٠١٣) ، (هەژموونی زمان لەسەر کەسێتی کورد پەندی پێشینان بە نموونە):

ئامانجی سەرەکی توێژەر لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوە ئاشنابوونە بە کەسێتی، کە بابەتێکی هەستیاری مرۆییە، پەندەکانیش بەرهەمی هزری کۆمەڵی کوردین و ڕەنگدانەوەی کەسێتی کوردن. کاتێك ئەو پەندانە بە نەوەکان دەگەن، دەبن بە یەکێك لە ڕەهەند و پێکهاتەکانی کەسێتییان.

هەروەها ناساندنی کۆزمانەوانی و بواری کارکردن و ڕونکردنەوەی تاکگەرایی و هەڵکردن و چۆنیەتی ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان تاك و کۆمەڵدا و دەرخستنی هەژموونی ( ڕەگەز و تەمەن و پێگەی کۆمەڵایەتی لە ئاخاوتنی تاکدا. دواجار کاریگەری و پەیوەندی نێوان زمان و کلتوور و چۆنیەتی هەژموونی زمانی هۆنینەوەی پەندی پێشینان لەسەر بیرو باری کەسێتی کۆمەڵی کوردی.

2- توێژینەوەی (بێستون حەسەن ئەحمەد، توانا سەعدی حامد) ، (٢٠٢٠) ، (ڕاڤەکردنی پەیوەندی خزمایەتی لە کۆمەڵی کوردیدا).

ئامانجی توێژەر دیاریکردنی دەربرینە چەسپاوەکان لە ڕێگەی بیروبۆچوون و ئاوەزمەندی و تێڕوانینی کۆمەڵ بۆ دیاردە جیاوازەکان و ناساندنی ئاستەکانی زمان و ئاست و پێکهاتەی سیمانتیك و نیشانە واتاییەکان و جۆرەکانی واتا و کێڵگەی واتای.

3- توێژینەوەی (نەجم خالید ئەلوەنی) ، (٢٠٠٨) ، (پەندو قسەی نەستەقی کوردی شاری خانەقین) ، ئەم توێژینەوەیە لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری فولکۆرییە، توێژەر پێوایە وشەی پەند شیاوترە لە پەندی پێشینان، چونکە بە پێی نازناوی دووەم دەبێت پەندێك کە لەم


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.2.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ڕۆژگارەدا سەرهەڵدەدات فەرامۆش بکرێت، و نەچێتە خانەی پەندەوە. پەندو دیاردەیەکی نەمرە و لە هەموو قۆناغێکی ژیانی مرۆڤایەتیدا سەری هەڵدەداو مۆرکی ئەو سەردەمەی پێوە دیار دەبێت.

پەند و قسەی نەستەق لە هەموو کۆمەڵێك دا هەیە، ئەم دیاردەیەش ئەو بۆچوونە ڕەت دەکاتەوە کە دەڵێت: (( پەندو قسەی نەستەق تەنیا لەناو میللەتە سەرەتاییەکان تایبەتیانەی جگە لەو لە هیچ جۆرە قسەیەکی تردا کۆ نابێتەوە)).

## 2-2 کەسایەتی

### 2-2-1 کەسایەتی لە ڕووی مێژووییەوە

هەچ ڕۆشنبیرێك یان توێژەرێك بیەوێت توێژینەوە یان هەر بابەت و باسێك لەسەر کەسێتی بکات، باشتر وایە پاشخانێکی ماریفی و مێژووی و زانستی هەبێت لە کایە زانستییە جۆراو جۆرە پەیوەندارەکان بە کەسێتییەوە، چونکە بابەتی کەسایەتی گشتگیر و فرە لایەن و ئاڵۆزاو تێکچڕاوە.

ئەگەر توێژەر شارەزایی و لێهاتووی نەبێت لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و کلتوری و مێژوویی و دەروونی و هەر تاکێکی ناو کۆمەڵگا، ئەوا وەك پێویست ناتوانێ لایەنە پەنهان و شاراوە و ئیزوتریك ئیکسۆتریکی تاکەکانی کۆمەڵگا هەڵسەنگێنێت و شیکاری بونیادی پێکهاتەی دیاردە کەسایەتییەکان بکات.

دیارە دروستبوونی کەسێتی کردارێکی ڕاگوزەر و لابەلا نییە، بەڵکو بەرهەمی کۆکراوەی هەموو ژیانی مرۆڤ دەگرێتەوە، لە چرکە ساتی لە دایك بونەوە تا مردن، ئەم حاڵەتەش بە پرۆسەیەکی درێژ خایاندا تێدەپەڕێت، لە ژێر کاریگەری و کاڵیکراوی ئەو ژینگەیەی تێیدا پەروەردە بووە.

باشتر وایە بۆ ئاشنابوون بە کەسێتی بگەڕێینەوە بۆ مێژووی دێرۆك، کە زاناکان بۆ یەکەمجار دەستنیشانی کەسێتی و جۆرەکانیان کردووە.

وشەی کەسێتی وەرگیراوە لە وشەی (Persona) کە ئاماژەیە بۆ ئەو دەمامکەی کە نەمایشکاران بەکاریان هێناوە لەسەر شانۆ لە کاتی نمایشکردندا لە یۆنان، وشەی Persona ئاماژەیە بۆ ڕوخساری ڕوکەشی دەرەوەی ڕووی گشتی ناسینەوەی تاکەکان لەلایەن کەسانی دەوروبەرەوە.

لە پۆلێن بەندەکەی کە (٥٠٠) پێنج سەد ساڵ پ.ز (Hippocrates- هیبوقرات)ی باوکی گشت پزیشکانی گریك و فەیلەسوفەکانی تر کە بۆچوونیان وایە کە سروشت پێکهاتووە لە چوار ڕەگەز ئەوانیش هەواو، خۆڵ، ئاگر، ئاووە. وە دابەشکاری کردووە بۆ چوارینە بۆ جۆرەکانی کەسێتی کە ئەمانەن: کەسانی میزاج خوێناوی، کەسانی ڕەشیاوی، کەسانی زەرد باوی، کەسانی بەڵغەمی. دیارە بە تێپەڕبوونی کات و قۆناغەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی، گۆڕان لە بونیاد و شرۆڤەی چەمکی کەسایەتی دا هاتووە. بە پێی جیاوازی بیروباوەڕو بەرژەوەند و ڕەوشتەوە، کەسێتی جیاواز پێکدێ. برا لەگەڵ برا جیاوازە بەپێی کار و پیشە و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و تاقیکردنەوە و بەسەرهات ( سادق،٢٠٠٨،ل٥٥).

( الفونس کار) دەڵێت: هەموو مرۆڤێك سێ کەسێتی هەیە: ئەو کەسەی کە ئەیناسێ، ئەو کەسایەتییەی کە تێیدایە، ئەو کەسەی کە وا ئەزانێ ئەوە ( کمال، ١٩٨٨، ٧٩).

کەسێتی تەنیا کۆی کۆمەڵێك ڕەگەز و بەش نییە وەك دەروون و جەستە و ڕوخسارەکانیان، بەڵکو گشتێکی ڕێکخراو تێکەڵەیەکی یەکگرتووە کە وەزیفە تاکێتی و سیفەتە تایبەتیەکان تیادا دەتوێنەوە تا شێوازێکی سەرتاپاگیری وەربگرن، کەسێتی کۆی سیفەتەکانی تاکە، بەڵام شێوازی یەکگرتن و زاڵی یان لاوازی هەر سیفەتێك، لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە جیاوازە و ئەمەش یەکێکە لە هۆکارەکانی کە جیاوازی کەسێتی دروست دەکات لە نێوان تاکەکاندا (جەمال،٢٠١٢، ل٢٢٠).

کەسێتی شتێ نییە، کە هەندێ کەس هەیانبێ و هەندێکیش نایانبێ، یان سەراتاپا چاك بێ، یان خراپ بێ.... بەڵکو کەسێتی لە خووە هەمیشەییەکان، توانای بیروکار، چالاکی ئامادەیی کۆمەڵایەتی، هەڵوێست، ڕادەو شێوەی سۆز نیهادە Couscience پێکهاتووە (سادق،٢٠٠٨،ل٥٦).

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.2.3

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

لێرەدا دەكرێت بڵێین كەسێتی بەهۆی ئاڵۆزی پێوانەی پەیڕەوی كەسایەتی، پێوانەی سیمەی زیرەكی ئەشێ تاقیكردنەوەی نا خەكی بێت، بەڵام كەسێتی لایەن ئاڵۆز جیاوازە، چونكە پێكهاتووە لە ڕێگەیەك كە مللكەچ نییە بۆ پێوانە ( النوري،١٩٩٠،ل١٨٩).

كەواتە كەسێتی مرۆڤ كۆی پێكهاتنێكی دەروونی- كۆمەڵایەتی- ڕەفتاری یە... ڕادەو شێوەی بیرو كردار و هەست و نەست و سۆز و ویژدان و هەڵوێستە كۆمەڵایەتی یەكانەوە پێ ئەگات، لە ماوەی كارلێكردنی لەگەڵ كەسانی تردا خۆی دەردەبڕێت ( سادق،١٩٩٩،ل١٤٧-١٤٨).

لەبەرئەوە ئەو هۆكارانەیی سەرەوە بۆمان دەردەكەوێت كەسێتی تەنیا پشت بە فاكتەری بۆماوە یان تەنیا فاكتەری ژینگە نابەستێت، بەڵكوو پشت بە هەردووكیان دەبەستێت لەگەڵ چۆنیەتی وەرگرتنی شارەزایی لەو ژینگەیەوە، بۆیە تاك تیایدا دەژی كە ئەمەیان تەنیا پشت بەو تاكە خۆی دەبەستێت ( جەمال،٢٠١٢،ل٢٠٨).

## 2-2-2 كەسێتی كوردی

ئەگەر بمانەوێت پێناسەیەكی گشتگیر و هەمەلایەنە بۆ كەسێتی كوردی بكەین، كە پێكهاتە و دروستبوونە ڕیشەییەكانی دیاری بكەین. ئەبێت ئەم سێ لایەنە لە خۆ بگرێت، ئەوانیش بریتیین لە لایەنی سروشتی فیزیولۆجی، كۆمەڵایەتی، دەروونی. ئەگەر پێمان وا بێت كە پێناسەیەكی گونجاو پڕ بە پێستی خۆی و مافی بدەینێ، ئەوە كارێكی ئەستەم و نەكردەیە. چونكە ئەوانەی پێناسەی كەسێتییان كردووە، زۆر زیاترن لە خودی پێناسەكە خۆی. ئەویش بەهۆی چڕوپڕو تێك ئاڵاوی و ئاڵۆزی بابەتەكە.

لە ئەدەبیاتی گەلاندا وا هاتووە، كە كەسێتی وەك سندوقێك وەهایە، كە چەندەها سندوقی لە خۆی بچوكتری لە نێودا هەیە. لە ئەدەبیات و كولتوری كوردیش وەها بڵاوە كەسێك لە خودا دەپارێتەوە، كە دەمێكی دردوك و هەراش و ڕیشێكی درێژی پێببدات، ئیتر پێویستی نە بە خودا و كەسانی تر نابێت، بەڵكو خودی خۆی ئەتوانێ بژێویی خۆی بەدەستبهێنێ. پێم وایە ئێستا وەختی ئەوە هاتووە كە توێژەران و ڕۆشەنبیران واز لە مۆدێلی ڕوپامایی بێ مانا بهێنن، توێژینەوە بیروڕا زانستییە بابەتییەكان بخەنەڕوو لە هەمووكایە ماریفییەكاندا، چونكە زۆرن ئەو كەسە بەناو ڕۆشەنبیرانە لە كردار و گوفتار و نوسینەكانییاندا، لە ناڵیش ئەداتوو لە بزماریش، لام وایە ئەو كەسانە نەك كەسێتییەكی دوو فاقیان (double Personality) هەیە، بەڵكو بگرە كەسێتییەكی چەند خاقیان هەیە (Multi pile personality). كەسێتی كوردی لە بواری نیشتیمانیشدا واتا خۆشەویستی و خۆبەستنەوە بە نیشتیمان كەسایەتییەكی ملكەچە، نیگەتیفە، خۆ بەدەستەوە و دەرو دوورە لە داهێنان و خولقاندن. هەتا لە خوودی خۆشی نامۆیە و بەشێوەیەكی سەیرش ترسنۆك و خۆخزێنەر و ناسروشتی و دوور لە جوامێرییە ( ئۆچەلان، ١٩٩٢،ل١٢٧).

نەتەوەی كورد هێشتا قۆناغی سروشتی نەبڕیوە و نەچۆتە قۆناغی- بوونە- وە. بەڵگەی ئەوەی كە كورد هێندە دروشم و ئاڵاو خاك و جوگرافیا خەریكی كردوون، هێندە كێشەكانی مرۆڤ و بوون خەریكی نەكردوون ( قەزاز،٢٠١٠،ل٤٤).

تاكی ئێمە ( كورد) چەندە خودەكەی لێڵ و نادیارە و بە خۆی ئاشنا نییە، زیاتر لەوەی كەسێتییەكەی كەوتۆتە بەر پرۆسێسێكی وێرانسازی مێژووییەوە و ئەوەی كە دەردەكەوێ زیاتر ماسكێكە و زۆر بە كەمی جەختت لە خۆی دەكات وەك ئەوەی، لە ڕاستیدا هەیە (حوسێن،٢٠١٧،ل٢٣٩).

ئۆچ ئالان دەیگێڕێتەوە و دەڵێت: كۆمەڵگای كوردی كەمترین ئامادەیی تێدایە بۆ قوربانیدان لە پێناوی بەها گەورەكان، لە بەرامبەردا ئامادەیی تێدایە لە پێناوی بێبەهاترین شت خۆی بە كوشت بدات. (قەرەداغی،٢٠١٠،ل٥٨).

لە كەسایەتی كوردیدا چەند خەسڵەتێكە كە بێ سێ و دوو گوزارشت لە كامڵ نەبوونی هەردوو لایەنی مەعریفی و دەروونی دەكات ( سیوەیلی،٢٠١٠،ل٥٩).

شێواندنی بنیادی بەهایی- ئایینی دا سەپاو بە درێژایی سەدەكانی خودی كوردی، كۆششكردنی دەسەڵاتی بێگانە بۆ ڕێگە گرتن لە هەموو كەناڵێك ببێتە هۆی دەرچوون لەو چوارچێوەیە، بۆیە كەسایەتی كوردی لە واقعی خۆی بە نامۆیی مایەوە ( هەورامی،٢٠٠٠،ل٥٠).

كۆمەڵگای كوردی یەكێكە لە كۆمەڵگا دواكەوتوەكان، بنهۆی ئەمە نە شارەزایی تاكی كوردە لە هەموو بوارەكاندا، كورد ئاگاداری مێژوو و ڕەوتی ڕووداوەكان و گۆڕانكاریە زانستی و فەلسەفی و پێشكەوتنەكانی جیهان نییە، هێشتا ڕەگەز و

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.2.3

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (5) – العدد (2)، كانون الأول 2021
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

توخمگەلێکی زۆری کلتوری سەرەتایی تێدا ماوە، قۆناغەکانی بوون بە نەتەوەی نەبڕیوە، بەڵام لەگەڵ پێشکەوتنەکاندا نیشانەکانی بەرەو پێشچوونی پێوە دیارە. ( شوانی،٢٠١٧،ل١٨٣).

خودی کوردی، لە نێو دەسەڵاتی ڕوحی ( ئایینی)دا، بەو پێییەی خودێکی لە یەکتر دابڕاو ڕاڕا بووە، هیچ کاتێ نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی لە نێو کایە مەعریفەیەی ئاینیدا بچێتە نێو بواری ئیجتیهاد و پشکنینی نهێننییە ئایینییەکانی نێو دەقە پیرۆزەکان، ئەگەر وا نییە کوا لەنێو کۆمەڵگەی کورددا، میتۆدێکی تەئویلی و شیکاریی بۆ دەقە ئاینییەکان ( حوسێن،٢٠١٥،ل٥٩).

زۆربەی کورد بە زمانێك دەدوێت، گۆرانی دەڵێت و شایی دەگێڕێت، کەچی بە زمانێکی دیکە نوێژ و خوا پەرستی دەکات. ( حەسەن،٢٠٠٨،ل٢٣٢).

تاکەکانی کۆمەڵگەی ئێمە لە ڕووی ئەقڵییەوە ئامادە نەکراون، بەڵکوو هەمیشە لایەنی هەڵچوون و سۆزی نۆستالیژی و هەست بە گوناهیان و رووژێنراوە و بە پوختی ئەم دۆخە خراوەتە چوارچێوەی سور و حەماسەتی شۆرشگێری ( حوسێن،٢٠١٧،ل٢٧١).

کورد نەیتوانیوە بیر لەوە بکاتەوە بەهۆی ڕێبازێکی مەعریفیەوە- نەك سیاسی و چەکداری- خۆی لە عەرەب جیا بکاتەوە. ئێستەش ناتوانێ، چونکە ئیسلام خۆی گرۆتینی تێدا نەماوە و زەمەنی بەرەو بەسەرچوون دەچێ تا بتوانێ لەم ڕووەوە سوودی لێ وەرگرێ. (قەزاز،٢٠١٠،ل٥١).

ئەو بۆچوونەی کە لە کۆنەستی کوردا جێگیر بووە و کوردی کردۆتە مەخلوقێکی قەدەری توانا و دەسەڵاتی لێ سەندۆتەوە و گەیاندوویەتیە ئەو ئاستەی بە هەموو ئەنجامێك ڕازی بێت لە ژیانی خۆیدا ( قەرەداغی،١٩٨٨،ل١٤).

(( فیتشیزمی)) کورد ئەوەیە کە بێگانە پەرست و خۆ بێزێنەرە ( جەمال،٢٠١٠،ل٥٢).

تاکی کوردی لە نەستیدا جێگیربووە و توشی ( پەتای خۆ بە کەمزانی) بووە، لەم ڕوانگەیەوە هەردەم دەستەو ئەژنۆ لە ڕاژەی بێگانە و نەیارانیدا بووە بە درێژایی مێژوو.

کۆمەڵگای کورد، کۆمەڵگایەکی داخراوە و بەپێی سیستەمی خێڵەکی دەڕوات بەڕێوە، ئەو سیستەمە وای لە تاکی کورد کردووە کە بوون بە مرۆڤ بوون بە کۆمەڵ نەبینێ بەخۆیەوە(سابیر،٢٠٠٥،ل٢٠٤).

سیفەتی جەنگاوەری و ئەفسانەی ئازایەتی لەناو نەتەوەیی کوردا هەمیشە کاریگەری بەسەر پێکهاتەی دەروونی و ستراتیژیەکانیەوە نەخشاندووە و خزمەتی سەرکردەکانی کردووە و ئەوانیش ئەم حاڵەتەی کوردیان بە بەردەوام قۆستۆتەوە. ( قەزاز،٢٠١٠،ل٤٦).

من هەڵە نیم ئەگەر پێم وابێ تاوەکو ئێستا تاکی کوردی بە تایبەتی و کۆمەڵگەشمان بە گشتی (من)ی نییە و خاوەنی ئەو سێنتەرە نییە لە بوونەوە ناکامڵەکەیدا، نەبوونی (من) ڕێك مانی نەبوونی ( عقل) دەگەیەنێ... ( حوسێن،٢٠١٧،ل٤٧).

خاکی کورد خۆی بە بچوکی دێتە پێش بەرچاو واتە خۆی بە بچووك دەزانێ، ئەمەش بەهۆی کامڵ نەبوونی لایەنی مرۆڤی تاکی کورد خۆیەتی ( سابیر،٢٠٠٥،ل٢٠٦).

باوەڕ بە یەکتربوون و گومان لە یەککردن تا ڕادەی سفر لە کەسێتی کورد دا ڕەنگیداوەتەوە، تەنانەت ئەم حاڵەتە لە مامەڵەی ئاسایی ڕۆژانەیشدا بەرچاو دەکەوێت. (گەرمیانی،٢٠١٠،ل٤٤).

خودی کوردی بەو پێیەی هەمیشە چاوێکی لە ڕابردوو وە کەمتر بیر لە ئایندە دەکاتەوە، بیرکردنەوە لە ئایندە بە مانا نەبوونی پرۆژەی ئایندەیی و ئایندە نەبینیشی بەرچاو تاریکیی خود دەگەیەنێ. سەرقاڵبوونیشی بە ئێستاوە لە دەرەوەی مەنتیقیی پراگماتیزمە و زیاتر سەر گەرم بوونە بە پێداویستییە بنچینەییەکانی ژیانی کەلێیان بێبەش بووە ( حوسێن،٢٠١٥،ل٦٥).

ئێمە کەمترین هاوڕێیەتیمان لەگەڵ سیستم هەبووە و تەنانەت لە نەستی بە کۆماندا جۆرێك لە دژایەتی ڕیشەییشمان لەگەڵ سیستم هەیە و پێمان وابووە دژایەتیکردنی سیستم خۆرێك بووە لە شۆڕش و بەگژداچوونەوەی ئەستەم ( حوسێن،٢٠١٧،ل٤٥).

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.2.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

### 2-2-3 سیماتەکانی کەسایەتی

دیارە کەسێتی خەسڵەت و سیمای جیاوازی لەخۆ گرتووە، جیاواز و تەبایی لە هزر و میزاج و هۆکارەکانی هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتی، بۆیە کەسێك لە کەسێکی تر جیاوازە بەهۆی کاریگەری هەریەك لە ژینگە و بۆ ماوەیی نیشانە زگماکییەکان خەسڵەتە وەرگیراوەکان.

لە پێناسەکانی پێشوودا لەسەر کەسێتی، چەندەها سیما تێبینی دەکرێت، وەك کردار و رەفتار، خوونەریت، دەروونی، هزری، ویست، ویژدانی، لێکچوون و جیاوازی تاکایەتی.... هتد.

لە پەخشکردنی چەمککی کەسێتیدا بۆمان دەردەکەوێت، هەندێکیان گرنگی بە لایەنی کۆمەڵایەتی و ژیاری دەدەن، هەندێکی تریشیان گرنگی بە لایەنی دەروونی دەدەن، لە هەمان کاتیشدا هەشیانە گرنگی بە هەردوو لایەنی ناوبراو دەدەن.

چەندەها پێناسەی جیاواز هەیە بۆ سیمات بە پێی جیاوازی تێگەیشتن لە چەمك و بیردۆزە دەروونیەکان ( بوکانی،٢٠١١،ل١١).

کەسێتی، دوو سیمای بنەڕەتی جیاواز کۆ دەکاتەوە و ئەنجامی ئاوێتە بوون و کارێکی ئەو دوو سیمایە، گەشەی کەسێتی لێدەکەوێتەوە:

**1-** سیماکان خۆی بە شێوەی جێگیر نیشان دەدات.

**2-** سیمای ئەوەیە کە لە گۆڕانێکی بەردەوامدایە. چونکە بە پێی قۆناغەکانی تەمەن و ژینگەی کۆمەڵاتی و هۆکارە جەستەیی و دەروونی و هزرییەکان، کەسێتی، پێشکەوتن و گۆڕانی بەسەردا دێت ( شەمس،٢٠١٣،ل٥٢).

سیماتەکان بریتین لە هۆکارەکانی کەسایەتی کەوا جیاکراونەتەوە لە ئەنجامی بەکارهێنانی رێگای ( شیکردنەوەی فاکتۆری) لە نێوان کۆمەڵێکی زۆر لەو پێوەرانەی کە لە مرۆڤەکان وەرگیراون. بۆیە سیماتەکان: مەیلێکی کەسیەتییە بۆ وەڵامدانەوەیەکی بەردەوامی رێژەیی، و ئەو سیماتانە دەبنە یەکەیەکی بنەڕەتی بۆ پێکهاتەی کەسایەتی تاك. ( ساڵح،٢٠١٩،ل٣٦٠-٣٦١).

بە بروای (روث) ئایدیای سیمات یان داماڵین هەڵیگرتووە لە ناوەڕۆکدا پێدراوی جێگیری هەڵسووکەوت لە دۆخی جیاوازدا، بەڵام سەربەستی رەفتار پێگەکەی جەختکردنەوەیە لە تێبینییەکان. ئایدیای خووەکان کە پێکهاتووە لە دوو توێی فێربوندا بە پاڵپشت بە وەڵامدەرە ئاگادارەکان، ئەم رێخستنە لە دیاریکردنی ژینگەی هەڵسووکەوتی پابەندی هۆکارە ناوەکییەکان بەبێ پاساو. (شلتز،١٩٨٣،ل٤٦٠).

سیمات جیاکەرەوەی کەسەکانە لە یەکتری، خەسڵەتێکی راگوزەر نییە، بە مانای وەستاوە لەسەر هەڵوێستی تایبەت کە رووبەڕووی تاك دەبێتەوە، بەڵام خەسڵەتەکان بە رێژەیەك جێگیرن و کاریگەریان هەیە لەسەر ژمارەیەکی زۆر لە رەفتارە جیاوازەکان، بۆ زانیش سیمەیەکی دیاریکراوی کەسێك لە پێشبیکردنی رەفتا بە برێکی زۆر ( راجح،٢٠٠٠،ل٤٦٢).

### 3- شرۆڤەی پەندی پێشینان

زیادەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین هەموو گەلانی جیهان بە قۆناغەکانی بەرەو پێشبوندا تێپەڕبوون. لەوانەش گەلی کورد کەم تا زۆر کاریگەر بووە بە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی، باشترین بەڵگەش ئەوەیە کە ئەدەب بە گشتی و پەندی پێشینان بە تایبەتی، بە زیندویەتی ماوەتەوە و لە توانایدا بووە گۆڕانێکی بابەتی بەخۆیەوە دیووە چ لە ناوەڕۆك و فۆرم و مانادا. لە توانایدا بووە خۆی بگونجێنێت لەگەڵ سەردەمدا، بۆ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا.

پەندی پێشینان هەموو میلەتێك، ئاوێنەی خستنەڕووی مێژووی ئەو میللەتەیە و نیشاندانی پەیوەندییە کۆمەڵایەکانییەتی، کە لە ئەنجامی کۆمەڵێك ئەزمون و تاقیکردنەوەی خۆشی و ناخۆشی ژیانی چینەکانی گەلەوە هاتوون. پەندەکان بە شارەزایی و پسپۆڕی پێشینانەوە پەیوەستن، لە دڵ و دەروون و بروایانەوە هەڵقوڵاون، بە یاسای ژیانیان زانیوون و تا رادەیەکی زۆر میللەت نکۆڵی لێنەکردوون. ( ئەحمەد،٢٠١٨،ل٣٤).

پەندی پێشینان بەشێکە لە ئەدەبیاتی فۆلکۆر، زۆرینەی خەڵکی لە کۆڕ و دانیشتنە تایبەتییەکانی خۆیانەوە دووبارەی دەکەنەوە، دیکەنە پاساو بنەمای ئەوتۆ فەلسەفەی ژیانی خۆیان لەسەر دادەمەزرێنن، لە روانگەیەوە بۆ شتەکان دەڕوانن، بە هۆیانەوە لە کاتی

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.2.3

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ئەنجامدانی هەر کارێکەوە هەر لە سەرەتاوە دەست بە هەندێ بیری پێشینە دەگرن، کە تەسلیمی دەبن و بڕوای پێدەکەن، بۆیە ئەو پەندانە کاریگەری گەورەیان هەیە، لەسەر دەروونی زۆرینە. (ناوخۆش،٢٠١٤،ل١٣٥).

ئەم پەندانە لە چەند وتەیەکی کورتی پێکەوە لکاو کە واتایەکی بەرزیان هەبێ، لە چاخێکی زۆر کۆنەوە کەوتوونەتە سەر زمانی کوردی. چۆنیەتی ژیان و ڕەوشت و بیرو بڕوایان چ لە باری سیاسی و کۆمەڵایەتی و چ لە باری ڕەوشتی خێزانی و کەین و بەینی ژیانی تێکڕایی و چ لە باری ساماندارى و هەژاری دا، نیشان دەدەن. ( خەلیقی،١٩٩٢،ل٨٠).

**3-1 ئەدگارەکانی پەندی پێشینان**

1- پەندەکان ڕستەکانییان کورت بڕو و سادە و ساکارن، زمانی خەڵکی چینە هەژارەکانە، دوورن لە زمانی فەرهەنگی و ژیربێژی.

2- چەند دێڕە هۆنراوە و تاك تاکن، بەربڵاون لەسەر زمانی خەڵکی.

3- زۆرجار لە چەشنی پرسیاردا داڕێژراون.

4- هەندێکیان وەك هۆنراوەن و خاوەن سەروان.

5- خاوەنەکانیان گومناو نەناسراون.

6- زۆرجار پەندەکان بە زمان حاڵی ئاژەڵ یان ڕووەك یان بێگیانەوە وتراون.

7- لە پەندا بیرو هزری ژینگەی میللەتانی جیاواز بەدیدەکرێت.

8- پەندەکان بیر و واتا کە ڕوون دەکاتەوە بە میتافۆر.

9- زۆرجار تەنها فۆرمی پەندەکە جیاوازە، بەڵام لە ناوەرۆکدا هەمان مانایە.

10- لە ڕووی کاتەوە نادیار و کۆنە.

**3-2 ڕەخنە لە پەندی پێشینان**

دیارە ئەگەر بە چاوێکی داد و مرۆیانە سەیری پەندی پێشینان بکەین، ناتوانیین نکوڵی لەوە بکەین، کە ئەم پەندانە، چ کارو کاردانەوەیەکی ئەرێنی و نەرێنی بەجێدەهێڵێت لەسەر هەست و نەستی کەسێتی کوردی، لە ڕابردوو و ئێستادا، کلتوورو پەندی کوردی بە گشتی، داهێنراوی کوردن و بەرهەمی بیری کوردن، لەبەرئەوە پێویستە ڕەخنەیان لێبگرین. ئامانجی ڕەخنەگرتنیش پێشکەوتنی کۆمەڵە. گونجاو نییە کە تەنیا لایەنی ئەرێنی پەندەکان بخەینەڕوو، پێویستە لایەنی نەرێنی پەندەکانیش ئاشکرا بکرین. ( شەمس،٢٠١٣،ل٧٦).

پەندی پێشینان بەرهەمی ئەزمونێکی دوورو درێژی میلەتەکەمانە، کە خاوەن کە لە پوورێکی گەورە و بەهادارە و هیچ پەندێك لە خۆڕاو بەبێ ئەوەی ئەزمونێك یان چەند ئەزمونێکی ژیان ڕاستییەکەی بسەلمێنێت نەوتراوە، بۆیە پێویستە هەر پەندێك وەك تیۆرێیك مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، چونکە تیۆرییەکان هەر هەموویان لە چەند ئەگەر و گریمانێك دروست بوون. (شێخانی،٢٠٠٢،ل٢٤).

بایەخدان بە لێکۆڵینەوەی پێوەندی کۆمەڵایەتی ڕەگەزەکانی کەلەپووری میللییەوە، لە مەیدانی فۆلکۆردا، کۆنترە لەو لێکۆڵینەوە سۆسیۆلۆجییە میللییانەی، کە لە پەرەسەندن و بەرزبوونەوەدا سنورێکی زۆریان پەڕاندووە ( وەسانی،١٩٩٨،ل١٧٨-١٧٩).

ئەوەی جێگەی داخە زۆر کەس لە تاکەکانی کۆمەڵگاکەمان ناهەقیی زۆر لە پەندە کوردی و بیانییەکان دەکەن و زیاد لە پێویست وەك پێوەر و یاسایەکی کۆمەڵایەتی بەڵگە نەویست بۆ هەڵسەندگاندن و شەنوکەوکردنی دیاردەکانی ژیان بەکاریان دەهێنن. ( قەرەچەتانی،٢٠٠٢،ل٧١).

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.2.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەم پەندانە بینە سەر مەسق و داکۆکیەری هەموو هەڵس و کەوت و کرداری تاکەکانی کۆمەڵ، بە جۆرێك ببێتە بنێشتە خۆشەی سەر زمانحاڵی تاکی ئێمەی کورد، لە خۆشی و ناخۆشیدا بە پێی ویست و ئارەزووی کەسەکان بەکاربهێنرێت، زۆربەی ئەو پەندانە لە ناوەڕۆکدا هەڵگەی جۆرێك پارادۆکس (دژبەری)ن، بە جۆرێك کورد واتەنی لە ناڵیشدە دەن و لە بزماریش. واتا هەندێ لە کەسەکان لە کاتی ئاخاوتندا ئەو پەندانە هەڵدەبژێرن کە بگونجێت لەگەڵ بەرژەوەندیەکاندا، بە پێی ڕەچاوکردنی بارودۆخ و کات و شوێنی پەندەکان. بۆیە زانای کۆمەڵناسی ( سمنەر) لە کتێبی ( الأعراف الشعبية) ( داب و نەریتی میللی) دا دەڵێت: داب و نەریتی میللی ئەتوانێت هەچ شتێك بیەوێت بە چاکی دابنێت، وە هەر شتێکی نەوێت ناشرینی دەکات، ئەمەش یاسایەکی کۆمەڵایەتییە، پێویستە بزانرێت هە چ کەسێك کە بیەوێت مامەڵەی خەڵکی هەڵسووکەوتیان بکا.

بەداخەوە ئێمە بۆ مەبەستی تایبەتی خۆمان کامیانمان بوێت لە پەندەکان و بزانین لەگەڵ بەرژەوندییەکانمان دەگونجێت، ئەوەیان هەڵدەبژێرین. کەواتە پەندەکان ڕاستن و هەڵەشن، ڕاستن ئەگەر لە جێگا و کاتی گونجاودا بەکار هاتن، هەروەها هەڵەشن ئەگەر لە جێگاو بارودۆخی نەگونجاودا بەکارهێنران ( قەرەچەتانی،٢٠٠٢،ل١٧٠).

ئەگەر بە وردی سەیری مانا و ناوەڕۆکی پەندی پێشینان بکەین بۆمان دەردەکەوێت، کە زۆربەی ئەو پەندانە دانەر و داڕێژراوەکانیان زیاتر ڕەگەزی پیاوانن، وە لە چینی دەسەڵاتداران، شکڵ و شێوە و بونو بەرامبەر نێر سالاری و باوك سالاری پێوە دیارە، دژ بە ژنان و بە چاوێکی بێ نرخ تەماشایان کردوون. لە کۆمەڵگای چینایەتیدا، کە لەسەر بناغەی چەوساندوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە دامەزراوە، پەندو قسەی نەستەق دەربارەی قازانجی ناڕەواو بێگاری و زۆرە ملێ و (( گەوج))ی ژن پەیدابووە ( ئیبهراهیم،١٩٨٤،ل٧٩).

**3-3 شیتەڵکردنەوەی پەندەکان لە ڕووی سوسیۆلۆژییەوە**

لێرەدا چەند پەندێکی پێشینانی کوردی وەردەگەرین، و دەستدەکەین بە شیکردنەوەی لە ڕوانگە و ڕەهەندی سۆسیۆلۆژیادا، بەڵام چونکە ژمارەی پەندەکان ئێجگار زۆرن، توێژەر تەنها پەنا دەبات بۆ ژمارەیەکی دیاریکراو لە پەندەکان، وەك نموونە بۆ هەموو پەندەکانی تر، هەروەها لەبەر کەمێ بواری توێژینەوەکە. پێویستە ئەوەش ڕوون بکەینەوە کە بۆچی توێژەر تەنها ئەو پەندە کوردیانەم هەڵبژاردووە کە زیاتر ناوەڕۆکێکی کەسێتی نەرینیوو ناڵەبارن.

پشت بەست بە وتەیە نرخەکەی زانای کۆمەڵناسی ( وەردی) لە دیمانەیەکدا پرسیاریان لێکرد کە بۆچی تەنها قسە لەسەر کەسێتییە ناپەسندەکانی کۆمەڵ دەکات، لە وەڵامدا دەڵێت: لێکۆڵەری کۆمەڵناس، لە هەندێ ڕوو وەك پزیشك وایە، پزیشك هەندێ گرنگی زۆر بە لێکۆڵینەوە لەسەر نەخۆشیەکان دەدات، لە نێو خەڵکیداو چارەسەری دەکات، لێکۆڵەری کۆمەڵناسیش دەبێ ئەنجامی بدات. ( شەماع،٢٠٠٧،ل٧٠).

**1- گەندەڵی**

**بەرتیل بەرد نەرم دەکات.**

**ماسی لەسەریەوە بۆن دەکات.**

**حازر خۆری بەرسێیەرە.**

**ئەگەر ماسی بۆنی کرد، خوێی پێوە دەکەن، ئەی ئەگەر خوێی بۆنی کرد !**

لە ئەنجامی مێژوویەك لە داگیرکاری و تەپە سەریدا، کەسیەتیی کورد شێوێنراوە. هەموو داگیر کەرانیشی هەر گەندەڵ بوون، بە تایبەتی داگیرکەرانی عوسمانی و عەرەب. ئەوان تاکی کوردیشیان بە خۆیانەوە گەندەڵ کردووە. تاکی کورد لە داگیرکەرانی خۆی گەندەڵتری لێ دەرچووە. گەندەڵی هێندە دەردێکی ڕەگا ژووە، بە کلتوور بووە. (حەسەن،٢٠٢٠،ل٢٤٨).

گەندەڵی تانوپۆی کۆمەڵی کوردەواریی تەنیوە، دەلاقەیەکی گەورەی، لە ڕیزەکانی گەل کردووە، هەر کەسە بۆ خۆی کوێخایەکە، کەس بە کەس نییە و هەریەکە لە ئاوازێ دەخوێنێ، چونکە پەتایی گەندەڵی، لە هەموو بوارەکانی ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵدا بڵاوبۆتەوە، تاڵانکردنی ڕەنجی کۆمەڵانی ڕەشوو ڕووتی خەڵك، بیر لە ئایندە و نەوەکانی داهاتوو نەکردنەوە، کارێکی وا خراپیان،


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.2.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

لە هەست و هۆشی جەماوەری کردووە، کورد پەروەری ڕاستەقینە، قێزی لە نیشتیمانپەروەریی و کوردایەتی دەبێتەوە. ( عەزیز،٢٠٠٩،ل١٥٠).

گەندەڵی نەخۆشییەکی ئەخلاقیە لە هەناوی کولتووری ئێمەدا خانەخوێی هەمیشەیی هەبووە و بووەتە نەخۆشیەکی درێژخایەنی ئەو تۆ کە هەمیشە بە چارەسەرە شۆك ئامێزەکان هۆشیان خستوینەتەوە بەر، چارەی بە شۆك هەژاندوویەتی و بۆ ماوەیەك هاتووینەتەوە هۆش و ئەوەندەی نەبردووە کەوتووینەتەوە نێو باری بێهۆشیەوە. ( حوسێن،٢٠١٨،ل٣٢١).

خەڵك بێ مووچە و کارەبا و سووتەمەنی هەڵدەکەن، بەڵام بێ حزبی گەندەڵ هەڵناکەن. لە کوردستان حیزب هەتا گەندەڵتر بێت، لە هەڵبژاردندا دەنگی زۆرتر دێنێت. واتە: زۆرینەی خەڵك گەندەڵن یان گەندەڵخوازن! ( حەسەن،٢٠٢٠،ل٢٥٠).

**2- خۆپەرستی**

**ئاگرە سوورە لە خۆم دوورە.**

**دەست بە کڵاوەکەی خۆتەوە بگرە با با نەیبا.**

**بووە بە کەری ناو جۆگا، لە هەردوو لا ئەخوات.**

**نابێت هەرچی گا کردی گا بیخوات.**

**نازانم ڕەحەتی گیانم.**

سڵ نەکردنەوە و پێشێل کردنی گشت بەهاو داب و نەریت و ئاکارێکی پیرۆز. نەبوونی ویژدان و سۆز و خۆشەویستی مرۆڤایەتی، ڕەفتارکردن بە پێی پرانسیپی چێژ و ئازار، واتە کڕنوش بردن تەنانەت بۆ شەیتانیش بەمەبەستی دەستکەوتنی چێژ. (قەرەچەتانی،١٩٩٩،ل١١١).

شێخ مەحمود ساڵی ١٩١٩ داوای جیهادی کرد، لەمە زیاتر شێوەی کارەکەی ئەوە بوو کە کەڵك لە هاوپەیمانییە خزمیی و عەشیرەتییەکان وەربگرێت و ئامانجی دامەزراندنی قەڵەمڕەوێکی شەخسی بوو. ( کۆمەڵێك نوسەر،٢٠١٢،ل٨٢).

زۆر هاوڵاتی کورد بەهۆی نەخوێندەواری و کەم هۆشیارییان زیاتر هەر بایەخیان بە خۆیان داوە... خۆخوازییان بەسەر کۆمەڵخوازییان زاڵ بووە... هۆکاری بابەت خۆ نەك هۆکاری بابەت هەڵیان دەسوڕێنێ، بیروکاریان بۆ خۆیانە، خۆیان ژیانیان باش بێ، گوێیان لەسەرجەمی نەتەوەکەیان نییە. (صادق،٢٠٠٨،ل١٥٦).

**4- چەقبەستووی- دۆگما**

**چۆتە سەر دارێ و نایەتە خوارێ.**

**لەگەڵ شیردا خواردوویەتی.**

**من دەڵێم سیر ئەو دەڵێت پیاز.**

**من دەڵێم نێرە، ئەو دەڵێت بیدۆشە.**

**مەلا بەزێنە و سنور پەڕێنە.**

لە بازنەی ناوخۆی خود دا دەخولێتەوە و ئارەزوو بە تێکەڵاوی و ناسیاوی و هەڵسوکەوت لەناو کۆمەڵدا ناکات و شەرمن و کەمدووە. ئەگەر پێوەندی لەگەڵ کەسێکدا ببڕێت، ئەوا زۆر بە درەنگ ئاشت دەبێتەوە. (مامە،٢٠٠٥،ل١٧٦).

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.2.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

مرۆڤی توند ڕەفتار توانای خۆ گونجاندنی لەگەڵ هەڵوێستە تازەکاندا نییە و دەستە وەستانە پێی ناکرێت بە ڕەفتاری نوێوە ڕووبەڕووی هەڵوێستە هەمە جۆر و تازەکان ببێتەوە و هیچ نەرم و نیانییەك لە ڕەفتارەکانیدا بەدیناکرێت. ( بۆکانی،٢٠٠٦،ل٤٥-٤٦).

قەدەغەکردنی بابەت و دەربڕینەکان بە پێی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان. ئەمەش لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کاتێك بەها کۆمەڵاتییەکان دەبنە ڕێگرێك لە بەردەم بەکارهێنانی ئەو بابەت و دەربڕینانەی، کە بە پێی کلتوری گروپێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو بەکارهێنانیان نەشیاوە. (فەرەج،٢٠١٣،ل١٣٢).

**4- بێگانە پەرستی**

**پەنا بەریت بۆ بێگانە، دەتکات بە پەندی زەمانە.**

**چەن بکەیت بێگانە پەرستی، هەر دەهێنیت نوشوستی.**

**ڕێوی لە کونی خۆی هەڵگەڕێتەوە، گەڕ دەبێت.**

**کەس گۆشتت بخوات، ئێسقانت نا شکێنێت.**

**مەبە بە مقاشی دەستی دوژمن.**

بە درێژای مێژوو ئەم خەسڵەتە نەگریسە تاوێك لە کەسایەتی کورد دوور نەکەوتۆتەوە. وەك ئەوە وایە کاڵایە و بە قەد کوردا دوورا بێت، هەنووکەش کاتێك کوردێك چاوی بە بێگانەیەك دەکەوێت، بە تایبەتی ڕۆژئاوایی بێ شەرم و شکۆ هەر ئەوەی ماوە بچێتە باوەشیەوە. خۆی لە بیر دەچێتەوە کە لە چ دەست و نەزەردێکدا گوزەر دەکات.

کەم ڕێك دەکەوێ، کە کورد بەرامبەر بە بێگانە بەد گومان بن، کە ئەمە ماکی هەموو دەردێکمانە. ( عەزیز،٢٠٠٠،ل٥٣).

کورد هەمیشە لە ژێر کاریگەری دینی تردا بۆ نەتەوەیەکی تر قوربانی داوە و خۆشی لەبیر کردووە، کە دوا ڕۆژ چۆن دەبێ و چی بەسەر دێ، لێرەدا پرۆسەی نامۆبوون و خۆ بزرکردن لە دیندا دەستی پێ کردووە. ( سابیر،٢٠٠٥،ل٢٤٠).

پەتای بیانی پەرستی لە نێو کورددا، بە یەکێ لە هەرە پەتا کوشندە باڵا گەورە و کارە دزێوەکان دادەنرێ. ئەم پەتایەش، کاتێ بە تەواویی تەشەنە دەکا، هۆشیاری ڕامیاریی سەرانی کورد، لە ئاستی پێویستدا نەبێ، تا بێتیش، دیاردە کە بەهێزتر دەبێ، گڕو کڵپەی تاو دەسێنێ، تەڕو ووشکی نەتەوە ژێر دەسەکەش دەسوتێنێ. ( عەزیز،٢٠٠٩،ل١١٤).

**5- حۆلو گێل – گەوج**

**حولحولی مەزەیە.**

**شیاکەی تێهەڵسوو بیکەرە گاگەل.**

**گونی خۆی و گێزەر لە یەك جیا ناکاتەوە.**

**هەموو دەردێك دەرمانی هەیە گەوجی بێ عەقڵ نەبێت.**

**میراتی کەر کورتانەکەیەتی.**

گێل هەست ناکات گێلە، وا گومان دەبات لە کەسانی تر بە ئاوزترە، هەوڵ دەدات لەو بوانەدا مێشکی بەگەڕ بخات. کە پێویستی بە توانای هزرییە، وەك بواری زانست، کاتێك سەرکەوتوو نابێت و تێك دەشکێت، ئەو شکستەی نە دەگەڕاندەوە بۆ بێتوانایی و کاڵفامی، بەڵکو نوشستێکەی دەدایە پاڵ کەچی بەختی. (بەزاز،٢٠١٩،ل٣٣٩).


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.2.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (5) – العدد (2)، كانون الأول 2021
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

ئەم جۆرە کەسایەتییانە بێبارن و حولحولین، چونکە لەسەر بارێکی سۆزی ومیزاژی خۆیان ڕاناوەستن و خۆیان ڕاناگرن، بۆیە ئەم پەڕوو ئەوپەر دەکەن لە نێوان هێمن و تورەییدا لە نێوان ڕووخۆشی و ڕوو گرژیدا. ( ژاڵەیی،١٩٨٧، ل٦٥).

**6- درۆزن**

**درۆزن دوژمنی خوایە.**

**لاڵی لە درۆزنی چاکترە.**

**بۆتە کەشکی ئاوەسوو.**

**هەر جارێك ناشتە دەکات.**

**بڵێت ماست سپیە، باوەڕی پێ مەکە.**

یەکێك لە نیشانەکانی مرۆڤی درۆزن، زۆر بڵێییە. مرۆڤێك وەك کورد دەڵێت: زۆر بڕێسێ شتی نا ڕاستیش پێژێ. ئەوەی درۆی زۆر دەکات و فشەبازە، لێزانە، بەڵام ترسنۆك و زەبوونە. (جەمال،٢٠١٠، ل٤٣).

تاکی کورد، لەو ڕۆژەوە چاو دەکاتەوە، لە ماڵەوە دایك و بابی درۆی لەگەڵدا دەکەن. منداڵەکانیش لەگەڵ دایك و بابیاندا درۆ دەکەن، لە قوتابخانە، پرۆگرامی خوێندن درۆی لەگەڵ دەکات، لە کۆڵان و بازاڕ درۆی لەگەڵدا دەکەن. درۆ ئەو دەمە دەگاتە لوتکە، کە دەبێت بە ئەندامی حیزبێك. ئیتر لەوێدا نوقمی زۆلکاوی درۆ و دەلەسە دەبێت. ( حەسەن،٢٠٢٠، ل٢٩١).

**7- چاولێکەری**

**کە چەڵەو شانەی هەڵگرتووە.**

**خەزیم بوو بە پرنووتی، هەموو کچێك کردیە لووتی.**

**ئەگەر بزن نەکا حێلە حێلی، نێری ناکا بێلە بێلی.**

**مریشك لاسایی قازی کردەوە، قنگی دڕا.**

**گەورە ئاو دەڕژێت و بچوك پێی لێ دەخات.**

سروشتی مرۆڤ وایە ئەگەر لەسەر بیروباوەڕێکی دیاریکراو پەروەردە بوو وا دەزانێت لە دونیادا باشترین بیروباوەڕە گەرچی لێوان لێویش بێت لە پوچگەرایی و نەفامی، لە هەمان کاتدا چاو لەسەر ئەفسانەی کۆمەڵگەکانی تر دەکاتەوە بەشێوەیەکی توند ڕەخنەیان لێ دەگرێت. (بەزاز،٢٠١٩، ل٢٣١).

**8- ماستاوچی- مەرایی**

**تا سوارن یارن، دابەزین مارن.**

**ماستاو سار دەکاتەوە.**

**بۆیە پێت ئەڵێم کاکە، بۆ ئەوەی چۆلەکەم بۆ بگری.**

**ئەگەر با بێت شەنی ئەگەڕێت، ئەگەر باران بێت چووتی ئەگەڕێ.**

**با، لە کوێوە بێ، ئەو لەوێوە شەن دەکا.**

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.2.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

پشت بەستن بە ماستاو کردنی بە مەبەست بۆ گەیشتن بە ئامانجێك لەگەڵ پیاوەتی و ئەخلاقی مرۆڤانەدا ناگونجێ، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هەڵدەوەشێنێتەوە دەبێتە هۆی ئازاردانی خەڵکی و دواخستنی کۆمەڵایەتی و ژیان بەرەو دواوە دەباتەوە. ( ناصر،٢٠١٣،ل٢٧٠).

زۆرهەن، بە چەردەیەك پارە، بە ئاسانی قەناعەت و بیروڕای خۆیان دەگۆڕن، لەم بادانەوەیەدا، جیاوازیەکی ئەوتۆ لە نێوان خوێندەوار و نەخوێندەوار، ڕووناکبیر و عەوامدا نابینم. (حەسەن،٢٠٢٠، ل٣١٣).

**9- جاشایەتی**

**سەگی کونەماسیە و پاسی جرتا وا دەکات.**

**ئەوەی بکات بێگانە پەرستی، هەر دەهێنێت نوشوستی.**

**گا لە گا گەل جێبمینێ، شاخی خۆی دەشکێنێ.**

**دار پۆازی لە خۆی نەبێ نا قڵیشێ.**

**لەگەڵ سەگا شەڕ دەکا، لەگەڵ گورگیشدا گرتك ئەخوا.**

**ڕێوی لە کونی خۆی هەڵگەڕێتەوە، گەڕ دەبێ.**

ئەم نەریتە دزێوە (( نەریتی جاش- پێشمەرگە)) واتە لە پێشمەرگایەتییەوە ببن بە جاشی حکومەتی عێراق. ( مستەفا،١٩٧٧،ل١٧٨).

گرفتێکی تر کە کورد گیرۆدەیەتی تەبەعیەتە. ئەم خەسڵەتە لەگەڵ خەسڵەتی شۆڕشگێڕیدا دژ بە یەکن. ( قەزاز،٢٠٠٧،ل٥٠).

**١٠- ڕەگەزپەرستی**

**نەشیری حوشتر، نە دیداری عەرەب.**

**ڕەنگ نییە بە عەرەب بڵێی مەرحەبا، هەندێك دەخوا و هەندێك دەبا و هەندێك دەخاتە ژێر عەبا.**

**دۆم ئەڵێ: دنیا بە قڕچێ، مشتەی منی تیا نەچێ.**

کەسی دەمارگیر، ئەو کەسەی کە دەناڵێنێت بە دەستی ململانێی نێوان شێوازە دژ بە یەکەکانی ڕەفتار، و بەهۆی ئەو ململانێیەوە دەروون یان کەسایەتی لە دۆخێکی ترازان و ناگونجاودا دەبێت. ( مستەفا،٢٠١٩، ل١٥٠).

دەمارگیری بۆچونێکی دەروونی بە بەردبووی بارگاوی بە هەڵچوون، یان بیروباوەڕ و حوکمێکی پێشوەختە کە لەگەڵ یان ( لە زۆربەی حاڵەتەکاندا) دژ بە گروپێك یان بابەتێکە و پشت بە هیچ بەڵگەیەکی لۆژیکی نابەستێت و لە زانیاری تەواوەتیدا هەژار و ڕەنگە پشت بە ئەفسانە و خورافەش ببەستێت و زۆر زەحمەتە بگۆڕدرێت و ڕاست بکرێتەوە. (بوکانی،٢٠٠٦، ل٤٣).

بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی تەرکچێتی و ئێرانچێتی و عێراقچێتی و سوریاچێتی و لەسەر حسابی کوردستانی بوون لە نێو زۆربەی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کوردا دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی هەستی نەتەوەیی لای ڕۆڵەکانی نەتەوەیی کورد بە شێوەیەکە کە نەتەوەکەی بڕبڕ و کەرتکردووە. (عەزیز،٢٠٠٠، ل٥٥).

لەو خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە نەتەوەیی کورد گەورەترین قوربانی ڕەگەز پەرستی و سیاسەتە و میکانیزمەکانی ڕاسیزمە و ڕەنگە ئەم پارادیمە بەسەر ئاسیا بە گشتی بێتەوە. (حوسێن،٢٠١٢، ل٦٧).


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.2.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**11- شەڕانگێز**

**ئاگر لەسەر پشتی گا دەکاتەوە.**

**دەست بە دەمی سەگا دەکات.**

**خۆی لێرەیە و کلکی لە بەغدا تۆز دەکات.**

**سەری خۆی نییە.**

**شەیتان بە شاگرد ڕاناگرێت.**

شەڕ خەسڵەتێکی مرۆڤە و نامۆ نییە پێیی، لە ڕۆژی ئەفراندنەوە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ درێژەی هەیە، هەر سەردەمێك شێوە و ناوەڕۆکی جیاوازی هەڵگرتووە. ئەکرێت ئەو پرسیارە ڕووبەڕووی مرۆڤایەتی بکەینەوە. ئەویش ئەوەیە، بۆچی شەڕ ئەفرێندراوە؟ وەیا بۆچی شەڕ دەکەین؟

شەڕانگێزی بەشێکە لە پێکهاتە سایکۆلۆژیەکانی مرۆڤ و لە بوونی ئەم بوونەوەرەدا ڕەگێکی هەم سروشتی و هەم کۆمەڵایەتی و هەمیش کلتووری هەیە. (حوسێن،٢٠١٨،ل٣٣٦).

ئەم جۆرە کەسانە بەردەوام لە جوڵەیەکی شەڕانگێزیدان دژ بە وانیتر، بە پێچەوانەی جۆرە گونجاوەکە دەجوڵێنەوە. پێیان وایە لە جیهانێکدا دەژین کە تەنها تیایدا شەڕکەر و فێڵباز کەڵکی مانەوەی هەیە. ( مستەفا، ٢٠١٩، ل١٤٧).

جەنگ یان کوشتار لەو سیمایانەی کۆمەڵگای کوردەوارییە کە سەرنجی بیانییەکانی ڕاکێشاوە. مرۆڤی کورد وەك دیارە لە بناغەدا جەنگاوەرە بەڵام، جەنگەکەی پابەندی ڕێ و ڕەسم و بەهای کۆمەڵایەتی و عەشیرەتگەرییە. ( سندی،٢٠٠٨، ل٣١).

ئەم پاڵنەرە بە (( توانایەکی بەد لە دروستکردنی دوژمنایەتیدا)) گوزارشتی لێ دەکرێت، خاوەنی ئەم خەسڵەتە ناتوانێت بۆ ماوەیەکی درێژ هاوڕێی کەسێك بێت، بێگومان دەبێت هۆکارێك بۆ دوژمنایەتییەکەی بدۆزێتەوە، لۆمەی هاوڕێکەی دەکات. ( بەزاز،٢٠١٩، ل٢٢٤).

**12- فرە کەسێتی ( دوو فاقی)**

**بەرد بشکێنە و دوو ڕوو مەدوێنە.**

**خاوەنی قسەی خۆی نییە.**

**لە ناڵیش دەدا و لە بزماریش.**

**لەگەڵ گورگا گۆشت دەخواو، لەگەڵ مەڕا شین ئەکا.**

**زامیشی ئەکا و تیماریشی ئەکا.**

**بۆ خەڵقی ئەدا فتوای سەنگەسار، خۆشی کەرەکە ئەگرێتە بەرکار.**

دوو فاقی کەسایەتی دیاردەیەکی گشتی یەو بە سووکی لە هەموو مرۆڤێکدا هەیە، لە هەر شوێنێك مرۆڤی لێبێت، دوو فاقی لە ئێمەدا چرو خەست بۆتەوووە و ڕۆچۆتە قوڵایی دەروونمانەوە. ( وەردی،١٩٥١، ل٣٩).

دوو فاقی و شیزۆفرینیا دیارترین خەسڵەتەکانی تاکی عێراقی و کوردییە، بۆ نموونو نێوان دژی لە نێوان دروشم و کرداردا، لە نێوان هەڵگرتنی بەها و ئاکاری پیرۆز و کرداری نادروستدا. ( نەجمەدین،٢٠١١، ل٣٨).

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.2.3

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

جوت کەسایەتی دوو چەمکی جیاوازیان هەیە کە یەکێکیان کۆمەڵایەتییە و ئەویتریان دەروونی. سەرەڕای ئەوەش جوت کەسایەتی شتێکی نەستییە ( نائاگایانەیە) لە مرۆڤدا، وەکو ئەو نییە کە هەندێ کەس پێیان وایە هۆشیارانەیە. ( شەماع،٢٠١٨،ل١٣٤).

**13- دزی و جەردەیی – ڕاوەڕوت**

**دز لە دزی بێت، هەر تاریکە شەو زۆرە.**

**کل لە چاو دەفڕێنێت.**

**گا لە کڵاو ڕۆژنەوە سەر دەخات.**

**بدا بە لای مردودا، کفنەکەی ئەدزێ.**

**خێڵی ( پەنا بەخوا ساڵی دووجار تاڵان دەکرێن).**

لەوانەیە ئادەمیزاد دەوڵەمەند بێت، بەڵام هەندێك خۆ دەبینێتەوە لە دزیکردنی هەندێ شتی بێ بەهادا، کە پێویستی پێییان نییە، کاتێك کردەوەکانی ئاشکرا دەبێت و ئابڕوی دەتکێ پەند وەرناگرێت! جەوری کۆمەڵایەتی و پاڵنەرەکانی تا دواساتەکانی تەمەنی لەو ئێشەدا دەیهێڵنەوە. (بەزاز،٢٠١٩، ل٢١٩).

ئەم دیاردەیە (ڕاوەڕوت) مێژوویەکی دوورو درێژ و تایبەتی خۆی هەیە و ڕەگ و ڕیشەی تێدا داکوتاوە و زەمینەی کۆمەڵایەتی و ئابوری و ڕامیاری بۆ ڕەخساوە، ئەم دیاردە دزێوە خۆی دەبینێتەوە لە بوونی کارەسات و شەڕو ئاژاوە و لاسایی کردنەوە و هاندان و لێنەپرسینەوەی تاوانباران. ( قەرەچەتانی،١٩٩٩، ل١١٤).

**14- خۆهەڵکێشان**

**ئەگەر نەمردایە باوکی، دەمردم لە عیزەت دایکی.**

**ئەوەی بە خۆیا هەڵبات درۆزنە.**

**ئەوەی بە دەعیە بەرز دەبێتەوە، وەکوو شۆڕەبی دەنەوێتەوە.**

**ئەوەی بەرز بفڕێت، نزم دەنیشێتەوە.**

**بە دوو فیشاڵی هەڵدڕاو، نالە پێ پانمان لێ دەکەن بە پیاو.**

**تا نەینایە تەبەق، نەیوت ئەڵاهو سەدەق.**

ئەم تاکانە تەنها و تەنها نیگەرانی ناوبانگ و ئابڕوی خۆیان لە نێو تاکەکاندا زۆر بە خێرایی لەگەڵ خەڵکی دا تێك ئەچن، لە ئاڵۆزترین ئەو تێکچوونانەی کە لە نێوان تاکەکاندا ڕوو ئەدات، کێشەی سەرەکی بە ئاکام نەگەیشتنی ئەم تاکە لە تێرکردنی خۆبەزل زانین و شوێن ویستیەکەیدا. ( ئەدلەر،٢٠٠٨، ل٢٥٤).

**15- چاوچنۆك**

**بە لای ماردا بڕوات کلکی دەقرتێنێت.**

**پاروو لە دەم دەفڕێنێت.**

**تەماع سەری نەبڕیت، سەرت دەبڕێت.**

**چاوچنۆك تەنها بە خۆڵ چاوی پڕ دەبێتەوە.**


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.2.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (5) – العدد (2)، كانون الأول 2021
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**دانیكی بە هەزار ساڵ دەردێت.**

مەبەست لە خۆشەویستی ئادەمیزادە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی و گەڕانێتی بە دوای هەموو ئەو شتانەیدا، کە سودی پێ دەگەیەنن، گشت ئەو شتانەی زیانی لێ دوور دەخەنەوە. (بەزاز،٢٠١٩، ل٢٣٣).

تاکی تەماع کار، بە دەوری خۆیدا دیوارێك دروست ئەکات تاوەکوو هیچ کەسێك گەنجینەکانی بەد بەختییەکەی نەبات، لە زۆرینەی تاکەکاندا لای کەم نیشانەکانی تەماع بەرچاو دەکەون، باشترین ڕێگا کە هەموو تاکێکی ئاسایی تەماحی خۆی ئەشارێتەوە، بەخشندەیی لە ڕادەبەدەرە کە بە بەهای یارمەتی دانی خەڵکی خۆی بە نرخ ئەکات. (ئەدلەر،٢٠٠٨، ل٢٩٨).

**16- ڕژد- ڕەزیلی**

**ئەم دەسی لەو دەسی چڵك وەرناگرێ.**

**بە دوای کەری تۆپیوودا دەگەڕێت، ناڵەکەی بکێشێتەوە.**

**بەرچاو تەنگی ڕێسوای دەهێنێت.**

**پشیلە لە ماڵی ناشتە ناکات.**

**کچێك بە گایەك دەفرۆشێت.**

**گیرفانی بۆ هەڵدروە.**

برتییە لە ڕژدیەکی زۆر، سەرەڕای ئەوەی دەستڕۆیشتووە و خاوەن داراییە، خاوەنی ئەم بیرکردنەوانە، پێداگرن لەسەر دانی بڕێکی کەم لە کاتی مامەڵە کردن بەرانبەر ئەو شتەی دەیکڕێت یان ئەو خزمەتگوزاریەی بۆی دابین دەکرێت، ئەو دەزانێت پاش ئەو سامانەکەی دەچێتە باخەڵی کەسانێکی ترەوە، بەڵام تا مەرگ یەخەی دەگرێت. بەو شێوەیە دەمینێتەوە. (بەزاز،٢٠١٩، ل٢٢٠).

**17- ترسنۆك**

**دوژمنێکی ئازا لە دۆستێکی ترسنۆك باشترە.**

**ئەوەی لە ئاو بترسێت، ماسی پێ ڕاو ناکرێت.**

**مرۆڤ یەکجار دەمرێت، ترسنۆك هەزار جار.**

**ناوێرێ، تڕ بدۆڕێنێ.**

**لە کونی وایە هەموو ڕۆژێ شەڕە.**

ترسنۆکی لە تایبەتمەندی ئەو دەستەیەی تاکەکان ئەژمێردرێت کە ڕووبەڕووی هەر ئەرك و کارێك ئەبنەوە، بە کێشەی ئەزانن و ئەو تاکانەی کە لە ئەنجامدانی کارەکانیاندا متمانەیان بە تواناکانی خۆیان نییە، ئەم سیفەتە لە شێوەیەکی جوڵەی هێواش دا دەرئەکەوێت. (ئادلەر،٢٠٠٨، ل٣١٣).

**18- ڕق ئەستور- ڕقلێبوونەوە**

**خوێناوی بخواتەوە ئۆخەی ناکات.**

**خەنجەری لێ دەیت خوێنی لێ نایەت.**

**ئاگر لە چاوی ئەبارێ.**

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.2.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**ئەگەر دەستی بڕوا، بە زیندویتی پیاو ئەگوروی.**

**بەسەر یا بێ دۆ و دۆشاو تێکەڵ ئەکا.**

**پەنجەی خۆی ئەکورۆژێ.**

ڕک و کینەی هاوڵاتیانیش بەرانبەر بە دەسەڵات، بۆ ماوەیە و مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە. ئەم ڕقە ئەستورە بوویشە بە بەشێك لە کولتوور. دەنا تۆ چۆنی لێکدەدەیتەوە کاتێك ئەو بە تفەنگ، لە ئاسمانەوە باڵندەیەك بەر دەداتەوە، کە نە زیانی بەم گەیاندووە و نە گۆشتی دەخورێت. ( حەسەن،٢٠٢٠،ل٣١٥).

کەسی کەڵلە ڕەق لەسەر ڕای خۆی سوورە و هەر بیرۆکەیەك بە مێشکیدا بێت، بەر لەوەی بە باشی گەڵاڵە بێت و هەموو لایەنەکانی لێکداوەتەوە، دەیکاتە بڕیار و بەبێ گوێدانە هەلومەرجی بابەتی، جێ بە جێی دەکات. (بوکانی،٢٠٠٩،ل٨٤).

جەهەری هەڵچوونی ڕقلێبوونەوە حەزو ئارەزووی تاکە بۆ وێرانکردن و لەناوبردنی ئەو شتانەی کە حەزی پێی نییە و ڕقی لێیەتی. ( سەعید،٢٠١٧،ل١٨٠).

**19- زاڵم**

**زاڵم زەوالی بۆ دەبێت.**

**ئاوی زاڵم، سەرو ژوور دەڕوات.**

**ئەگەر سەگ نەبێت، گورگ دەتخوات.**

**ئەگەر گورگ نەبێت، ڕێوی میز دەکات بەسەرتا.**

**بە پێکەنینی زاڵم باوەڕ مەکە.**

ئەو کەسەی زاڵم بێت، حەزی بە سزادانی کەسانی بەردەسەڵاتەکەیەتی و هەردەم لێیان نارازییە و بە دەگمەن لەسەر کردەیەکی جوان کە بە دڵیشی بێت، پاداشتیان دەداتەوە. ئەمە کە تێروانین و دیدگای خۆیەتی، دەیخاتە پاڵ کەسانیتری و خەڵکیتری پێ تاوانبار دەکات و لە هەموو شتێك بە گومانەو بەرگەی تەمومژو هەڵوێستە ئاڵۆزەکان ناگرێت. (بۆکانی،٢٠٠٩، ل٨٤).

حەز دەکات دەسەڵاتی هەبێت و بەردەوام بۆ بڕیار و کارێکی یەکلاییکەرەوەش بۆ دەسەڵات بگەڕێتەوە. هەمیشە دەسەڵاتی بەسەر ئەو کەسانەدا دەسەپێنێت کە لە خۆی لاوازترن. بە گشتی کەسێکی محافزکار و کۆنەپەرستەو بە توندی پابەندی دابونەریتی کۆمەڵگە و بیرو بۆچوونەکانی دەبێت. ( جەمال،٢٠١٢، ل٢٧١).

**20- نەزان**

**باراشێکی پێ لە ئاش ناکرێت.**

**بە هەزار دەرزی شوژنێکی تیا نابێت.**

**بەردێك نەزان بیخاتە گۆمەوە، بە سەد زانا دەرنایەتەوە.**

**نەزان بە یەك پێ، زانا بە دوو پێ تێدەکەوێت.**

**نەزان دووژمنی خۆیەتی، جا چۆن دەبێ بە دۆستی خەڵکی.**

**نەزان نەزانێت کە نەزانە، بەختیش ڕووی تێ بکات هەر ماڵی وێرانە.**


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.2.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

کێشه و ئاریشەکە لەوەدا نییە کە کەسەکە نەزانە، بەڵکوو لەوەدایە، کە نازانێت نەزانە. بەرگەی هیچ ناگرێت و تاقەتی هیچی نییە، بۆ هیچ شتێك هیچ حەزو پەرۆشییەکی نییە، هەموو شتێك بە قورس و ئەستەم دەزانێت، لەبەرئەوە ئاسانترین شت لە لای وازهێنانە لە هەموو شتێك، تەنانەت ژیانی پێ قورس و ئەستەمە. ( جەمال،٢٠١٢، ل٢٨٣).

**دەرئەنجام**

ئەو بارە نا لەبارەی کە بەسەر کوردستاندا هاتووە،لە دابەشکردن و کۆلۆنیالیکردن و نەبونی قەوارە و شوناسێک ، ڕەنگدانەوەی هەیە لەسەر هەرتاکێکی کورد بە درێژای مێژوو .ئەم داگیرکاریەش پاشماوە و ئاسەوارێکی نەرێنی بەجێهێشتووە لەسەر گشت کایە ماریفییەکاندا.ئەم حاڵەتە وای لە مرۆڤی کورد کردووە کە ڕشبینی و نا ئومێدی سەرتاپای ژیانی داپۆشیووە.

ڕەشبینی و نائومێدی سەرتاپای ژیانی داپۆشیبوە. کەسێتی منداڵی ئەو کۆمەڵگایەیە کە تێیدا لە دایک دەبێت، ئەستەمە کەسێک بتوانێ کەسایەتی خۆی بنیباد بنێت،وەک ئەوەی خۆی دەیەوێت ، چونکە دابونەریت و خوڕوشتی هەر کۆمەڵگایەک تایبەتمەندی و جیاوازی خۆی هەیە، کە جیاوازە لە کۆمەڵگاکانی تر.

لەگەڵ ئەو هەموو نەهامەتییەی کە بەسەر کوردا هاتووە ، جۆرە سەر لێشیاویەک بەسەر هەموو لقەکانی ئەدەبیشدا هاتووە، بە تایبەتیش فۆلکلۆر ، کە پەندی پێشینانیش بەشێکە لێی.

پەندی پێشینان هەڵقولاوی ناخ ودەروونی کوردین، ئاوێنەی ژیانی ڕابردوو داهاتووی کوردن ،و دەبنە یاسا و بنەما بۆ داڕشتنی ژیانی کەسایەتی .بەهۆی گۆڕانی بەردەوامی ژیان پەندی پێشینانیش گۆڕان و تازەکردنەوە و تێگە و ناوەڕۆکیان پەرەدسێنێ و لەگەڵ ژیانی ژیاریدا.

بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەم پەندانە ، دوولایەن لە خۆدەگرێت ، لایەنی ئەرێنی و لایەنی نەرێنی .هەچ کەسێک چۆنی بۆ بلوێت و بەرژەوەندی تایبەتی خۆی لە کوێدا بێت بەو جۆرە پەندەکان بەکاردەهێنێت . دیارە پەندەکان خاوەنیان دیارنین ،بەڵام بۆنووبەرامی پیاو سالاری و دەسەڵاتخوازی پێوەدیارە . جا لێرەدا پێویستە پێداچوونەوەیەکی زانستی بکرێت بۆ ئەو پەندانەی کە لەگەڵ سەردەمدا ناگونجێت.

**پێشنیاز**

1- دوای ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە کە خراوەتەڕوو، توێژەر ئاواتەخوازە کە دەرگای لێکۆڵینەوەی زانستی واڵا بکرێت، لەبەردەم توێژەران و پسپۆڕان بۆ ناساندنی کلتوری کوردی بە گشتی و (پەندی پێشینان) بە تایبەتی، بۆ دەمەزەرد کردنەوەی بەها و شکۆی ئەرێنی کەسایەتی کوردی.

2- هەندێ لەم پەندانە هەڵگەی ناوو ناوەڕۆکی پارادۆکسانەیە (دژ بەرییە) ، دەکرێت لایەنە نەرییەکانیانی ئەم پەندانە فەرامۆش بکرێت، ڕاڤەیەکی مرۆڤ دۆستانەیان بۆ بکرێت، کە بگونجێت لەگەڵ سەردەمدا.

3- دووبارە شرۆڤە و شیتەڵکردنەوەی ئەو پەندانەی کە لە بەهاو نرخی مرۆڤ (مێ- نێر) کەم دەکەنەوە، کەشیاو و لایەق بێت بە پێگەی هەر یەکێکیان لە کۆمەڵگادا.

4- پێدان و ڕێنمایکردنی هەر کەسێك کە پەندەکان بەکاردەهێنێت، بۆ دوورکەوتنەوە لە ئامانج و بەرژەوەندی تایبەتی خۆیی.

5- دانانی پەندی پێشینان لە پرۆگرامی خوێندندا بۆ بە ڕەفتار کردنی ئاسایی پەروەردەکار و فێرخوازان و دوورکەوتنەوە لە هەموو جۆرەکانی توندوتیژی.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.2.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**لیستی سەرچاوەکان**

**سەرچاوە کوردییەکان:**


1. ئۆچ ئالان،١٩٩٢، پرسی کەسایەتی لە کوردستاندا، و: مەهاباد کوردی، چ٢.
2. ئیبراهیم، شوکریە ڕەسوڵ،١٩٧٨، زمان و ئەدەبی کوردی، چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەدین.
3. ئیبراهیم و تەقی، شوکریە ڕەسوڵ، جلال،١٩٨٤،پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی، لە چاپکراوەکانی ئەمینداریتی گشتی رۆشنبیری و لاوان، هەولێر.
4. ئەحمەد، ٢٠١٨، لێکدانەوەی سیمانتیکیی و پراگماتیکیی دەربڕدراوە چەسپاوەکان لە زمانی کوردیدا، چ١، چاپخانەی ناوەندی سارا.
5. ئەدلەر، ئەلفەرد،٢٠٠٨، ناسینی سروشتی مرۆڤ، و: سیدۆ داود عەلی- فرمێسك ڕزگار محەمەد، چ١، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.
6. ئەڵوەنی، نەجم خالید،٢٠٠٨، پەندو قسەی نەستەقی کوردی شاری خانەقین.
7. بۆکانی، سابیر،٢٠٠٦، لە نێوان هەست و نەستدا، چاپخانەی ڕەنج.
8. بۆکانی، سابیر،٢٠٠٩،لە پشت ڕەفتارەوە، چ١، چاپخانەی ئازاد هەورامی- کەرکوك.
9. بەزاز، سەعد،٢٠١٩، لەبارەی خوو ڕەفتاری مرۆڤەوە، و: وەهاب حەسیب، چ٢، چاپخانەی حەمدی.
10. تاوخۆش، سەلام و ئەوانی تر،٢٠١٤،کوردۆلۆجی، چ١٢، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
11. جەمال، سۆزان،٢٠١٢، لەگەڵ سایکۆلۆژیادا، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
12. جەمال، نەوزاد،٢٠١٠، ئافوریسم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
13. حوسێن، محەمەد تەها،٢٠١٢، نوسینی سپی، چ١، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
14. حوسێن، محەمەد تەها،٢٠١٥، دیاردە گەرایی خود، چ١.
15. حوسێن، محەمەد تەها،٢٠١٧، سایکۆلۆجیای کەسێتی، چ١، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی.
16. حوسێن، محەمەد تەها،٢٠١٨، سایکۆلۆجیای عەقڵی کوردی، چ١، ناوەندی فێربوون، هەولێر.
17. حەسەن، محەمەد فەریق،٢٠٠٨، مێنتەڵێتی خێڵ، چ١، دەزگای ئاراس، هەولێر.
18. حەسەن، محەمەد فەریق،٢٠٢٠، تایبەتمەندیی تاکی کورد، چاپخانەی تاران.
19. خاڵ، شێخ محەمەد،٢٠٠٠، پەندی پێشینان، چ٣، چاپ و پەخشی سەردەم.
20. خەلیقی، حوسێنی،١٩٩٢، کۆمەڵناسی کوردەواری، بەرگی دووەم، چاپخانەی حەوادس، بەغداد.
21. ڕەسوڵ، عیزەدین مستەفا،١٩٧٩، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکۆری کوردی، چ٢، زانکۆی سلێمانی.
22. ژاڵەیی، جەلال خەڵەف،١٩٨٧،کەسێتی سەرکەوتوو، بەغداد، چاپخانەی ئەلحەوادث.
23. سابیر، ڕەحیم،٢٠٠٥، کۆردۆلۆجی، چ٢، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.
24. سادق، فوئاد تاهیر،١٩٩٩، کۆمەڵزانی کورد، چ١، چاپخانەی ژیار، سلێمانی.
25. سادق، فوئاد تاهیر،٢٠٠٨، هۆشیاری کۆمەڵایەتی، چ١، چاپخانەی تیشك، سلێمانی.
26. ساڵح، یوسف حەمە،٢٠١٩،کەسایەتی و سروشتی مرۆڤ، چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەدین،هەولێر.
27. سندی، بەدرخان،٢٠٠٨، کۆمەڵگای کوردەواری لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسیدا،و: ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید، چ١،چاپخانەی خانی، دهۆك.
28. سەجادی، عەلائەدین،١٩٧١، مێژووی ئەدەبی کوردی، چ٢ ، چاپخانەی مەعاریف،بەغداد.
29. سەعید، پێشڕەو خەڵەف،٢٠١٧،دەروونزانی گشتی، چ١، چاپخانەی یاد، سلێمانی.
30. شوانی، محەمەد،٢٠١٧،بنچینەکانی ئەنترۆپۆلۆژیای گشتی، چ١،چاپخانە...
31. شەماع، سەلام، نهێنییەکانی ژیانی عەلی وەردی، و: ئارام ئەمین شوانی، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
32. شەماع، سەلام،٢٠٠٧، لە سروشتی هەشتا ساڵیدا، و: عەبدوڵڵا مەهدی، سلێمانی، چاپخانەی چوارچرا.
33. عەزیز، حوسێن محەمەد، ٢٠٠٩، هێندێ پەتای کورد کوژە، چ١، چاپخانەی سیما، سولیمانی.
34. فەرەج، شاخەوان جەلال،٢٠١٣، تا بۆ وەك نموونەیەکی پەیوەندی نێوان زمان و کلتور، چاپخانەی بینایی.
35. قەرەچەتانی، کەریم شەریف،١٩٩٩، هەندێك نەخۆشی و گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتی، چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر.



DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.2.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ص:46-66
المجلة العلمية لجامعة جيـهان – السـليمانية
المجلد (5) – العدد (2)، كانون الأول 2021
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

36. قەرەداغی، عەتا، ١٩٨٨،ستراتیژ و کەسێتی نەتەوەی کورد، چ١، چاپخانەی ئەستێرە.
37. قەزاز، ئازاد، ٢٠١٠، کەسێتی و ململانێی دەرونی،چ١، چاپخانەی چوارچرا.
38. قەزاز،ئازاد،٢٠٠٧، سایکۆ پۆلیتیك،چ١، چاپخانەی ڕەنج.
39. کۆمەڵێك نوسەر،٢٠١٢، ناسیونالیزمی کورد و ڕوانگەی ڕۆژئاوا، و: وریا ڕەحمان، چ١، چاپ و پەخشی سەردەم.
40. مستەفا، نەوشیروان، ١٩٧٧، لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ.
41. ناصر و محەمەد، ئیبراهیم، دانا نادر، ٢٠١٣، زانستی کۆمەڵناسی پەروەردە، چ١، چاپخانەی چوارچرا.
42. هەورامی، سەڵاح،...، کەسایەتی نەتەوەیی کوردی، چاپخانەی ئۆفیسێتی کریستاڵ.

**نامەی ماستەر:**

43. بۆکانی، صابر بکر مصطفی،٢٠٠١،سمات الشخصية للاستاذ الجامعي، رسالة الماجستير، كليه التربية، جامعه بغداد.
44. شەمس، هێمن عەبدولحەمید،٢٠١٣،هەژموونی زمان لەسەر کەسێتی کورد پەندی پێشینان بە نمونە، دکتۆرانامە، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.

**گۆڤارە کوردییەکان:**

45. ئاوارە، ساجد، ١٩٨٩، ڕەنج لە پەندی پێشینانی کوردی دا، کاروان، هەولێر.
46. ئەحمەد و حامد، بێستون حەسەن، توانا سەعدی، ٢٠٢٠، ڕاڤەکردنی پەیوەندی خزمایەتی لە کۆمەڵی کوردیدا، ئەکادیمیای کوردی، ژمارە٤٤، چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر.
47. جەباری، عومەر یاسین،١٩٩٧، کەسایەتی: واتا تیۆری و پێوەرەکانی، سەنتەری برایەتی، ژمارە ٣.
48. سیوەیلی، سامان، ٢٠١٠، سایکۆلۆژیای کەسێتی کوردی، گۆڤاری سەرچاوە،ژمارە ٣.
49. شێخانی، زەینۆ،٢٠٠٢، تیۆرییەکانی دەروونزانی پەندی پێشینانمان دەدوێنن، ڕامان، ژمارە ٧٥.
50. عەزیز، حسین محەمەد، ٢٠٠٠، گۆڤاری ڕێبازی خوێندکاران، ژمارە ٣٣.
51. قەرەچەتانی، کەریم شەریف، ٢٠٠٢، پەندەکان سوود بەخش... بەڵام، ڕامان، ژمارە٧١، هەولێر.
52. گەرمیانی، مستەفا،٢٠١٠، کۆلۆنیالیزم و کەسایەتی مرۆڤی کورد، گۆڤاری سەرچاوە، ژمارە ٣.
53. مامە، سۆزان،٢٠٠٥،باسێك لەبارەی کەسێتی مرۆڤ ( نێر ومێ)، گۆڤاری بیاف، ژمارە١٧.
54. نەجمەدین، موعتەسەم، ٢٠١١، ڕۆشنبیری کورد بۆ خۆی بەشێکە لە قەیران، گۆڤاری کەوانە، ژمارە ٣، سلێمانی.
55. وەسانی، دڵشاد مستەفا، ١٩٩٨، یەکێتی بەرنامە لە زانستی فۆلکۆردا، ڕامان، ژمارە٢٤،هەولێر.

**سەرچاوە عەرەبییەکان:**

56. البزاز، سعد،٢٠١٢،علی الوردي في الطبيعة البشرية، ط ٢، ألاردن الاهلية للنشر و التوزيع.
57. النوري، قيس،١٩٩٠،الانثروبولوجيا النفسية، جامعة بغداد، بيت الحكمة.
58. الوردي، علي، ١٩٥١، شخصية الفرد العراقي،...
59. راجح، أحمد عزت،٠٠٠، أصول علم النفس، دار القلم، بيروت.
60. شلتز، دوان، ١٩٨٣، نظريات الشخصية، ت: حمدولي الكربولي- عبدالرحمن القيسي، كلية الاداب بغداد.
61. كمال، علي،١٩٨٨، النفس و أنفعالاتها، ج١، ط٤.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.2.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)